# ( العفة )

# پاكی وداوێن پاكی لەئیسلامدا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی: حاجی ئومێد چروستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩
islamhouse.com

# ( العفة )

« باللغة الكوردية »

حاج أوميد جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( العفة )

# پاکی وداوێن پاکی لەئیسلامدا

سوپاس وستایشی نەپراوە بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وەدرودو ڕەحمەتی بەلێزمەش بۆ سەر گیانی پێشەوای جیهانیان محمد، پێغەمبەری ڕاستگۆ ودەستپاك وئەمانەت پارێز، وەبۆ سەر گیانی سەرجەم هاوەڵەبەڕێزەکانی هەتا ڕۆژی دوایی .

العفة ( پاکی ) واتە : دوور کەوتنەوەلەگشت حەرام وقەدەغەکراوەکان و خۆپاراستن لەدەست پان کردنەوەی خەڵکی .

جا خوێنەرانی خۆشەویست ( العفة ) پاکی وپاك داوێنی چەند شێوەیەکی هەیە:

**یەکەم : ( عفة الجوارح ) پاکی گشت ئەندامەکانی لەش** : موسڵمان پێویستەلەسەری کەدەست وزمان وچاو و قاچ وگوێ وداوێنی بپارێزێت لەسەرجەم حەرام وقەدەغەکراوەکان بەشێوەیەك نەهێڵێت هەوەس وئارەزووی زاڵ ببێت بەسەریدا، هەر لەبەر ئەوەش خوای گەورەفەرمانی کردووەبەسەرجەم ئیمانداران کەدەرونیان پاك ڕابگرن وداوێنیان بپارێزن لەنزیك کەوتەوەی حەرام ، تا ئەو کاتەی خوای گەورە بۆیان ئاسان دەکات بەشێوەیەکی شەرعی خێزانێکی سەرکەوتوو لەسەر ئەساسی سۆز وخۆشەویستی بنیات دەنێن، لەم بارەیەشەوەخوای گەورەفەرموویەتی : **{ وليستعفف الذين لا يجدون نكاحًا حتى يغنيهم الله من فضله}** [النور: ٣٣]. واتە: ئەو کەسانەی کەتوانایان نیەژن بهێنن با داوێنی خۆیان پاك ڕابگرن، تائەو کاتەی خوای گەورەدەسەڵاتیان دەدا وبەهرەمەندیان دەکات لەفەزڵی خۆی ودەتوانن ژن بهێنن .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هانی گەنجان ولاوانی داوە کەخێرا بکەن لەدروست کردنی خێزان وژنهێناندا، تاوەکو داوێنی خۆیان پاك ڕابگرن وچاویشیان بپارێزن لەسەیری ئافرەتی نامەحرەم، ئەوەگەر دەسەڵاتیان نیە کە ژنبهێنن با دەست بگرن بەڕۆژوو

گرتن و پەرستشەکانی خوای گەورەوە،وەك دەفەرموێت : **(يا معشر الشباب، من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وِجَاء (وقاية).** [متفق عليه]. واتە: ئەی دەستەی لاوان ئەوانەتان کەدەسەڵاتتان هەیەبا ژن بهێنن، چونکەژنهێنان چاوتان دەگێڕێ تەوەلەسەیری حەرام وپاك داوێنیشتان دەکات، و ئەوانەشتان دەسەڵاتیان نیەئامۆژگاریتان دەکەم بەڕۆژوو گرتن، چونکەرۆژوو دەتان پارێزێت لەحەرام .

نموونەی بەرز وپێشەنگی ئەم بوارەش پێغەمبەر یوسف ( عليه السلام )ەکەلاوێکی شۆخ وشەنگ وهەڵکەوتووی ئا بەو جۆرە کە نیوەی جوانی لاوانی سەرزەوی لای ئەوەبوە، کاتێك خێزانی عەزیزی میصر کەچاوی پێی دەکەوێت لەجوانی وڕەوشت شیرینیدا عاشقی دەبێت ڕۆژێك کەعەزیزی میصر لەوێ نابێت خێزانەکەی بەهەلی وەردەگرێت چاك خۆی دەڕازێنێتەوە وتەواوی دەرگاکانی کۆشکی پادشایەتی دەگرێت وبانگی یوسف دەکات و پێی دەڵێت : **( هيت لك )** [ يوسف : ٢٣ ] واتە: من خۆمم بۆ تۆ ئامادەکردوەو تۆش زۆر بەپەلە وەرەپێش

وئامادەبە، یوسفیش داوێن پاك و پێغەمبەری خوداش داواکەی ڕەد کردەوەو زۆر بەشەرمێکەوە ووتی : **( معاذ الله انه ربى أحسن مثواى انه لا يفلح الظالمون )** [ يوسف: ٢٣ ] واتە: پەنا دەگرم بەخودا، هەرگیز کاری واناکەم، چونکە بەڕاستی مێردەکەی تۆ گەورەوسەیدی منەوچاك ڕێزی لێگرتووم وپیاوەتی زۆرەبەسەرمەوە، دەبێ جوامێرانەسەیری ماڵ و خانەوادەی بکەم، نەك خیانەت وگزی لێ بکەم ، لەولایشەوە بەزاندنی سنوور خوای گەورەیە وکاری ستەمکارانە، خوای گەورەش هەرگیز خەڵکانی ستەمکار ولەسنوور دەرچوو سەرکەوتوو ناکات .

لەپاشاندا ژنەکەی عەزیزی میصر کەدەزانێت قسەی خۆش سوودی نیەلەگەڵ یوسفدا، **( ولقد همت به )** واتە: سوێند بەخوا ژنەکەی عەزیزی میصر پەلاماری یوسفی دا کەلێی بدات وبەزۆر ڕازی بکات، بەڵام یوسف هەر ڕازی نەبوو، یوسف کەزانی کەئەو تەواو نیازی خراپەپەلاماری دەرگاکەی دا کەڕابکات وخۆی ڕزگار بکات لەو بەڵاو فیتنەیە، بەڵام ژنەکەلەدواوەپەلاماری یوسفی داو کراسەی دڕاند **( وقدت قميصه من دبر وألفيا سيدها لدا الباب )** [ يوسف : ٢٥ ] . لەو کاتەشدا عەزیزی میصر دێت بەسەر ئەو ڕووداوەدا

وهەردووکیان بەوحاڵەوە دەبینێت وزۆر ناڕەحەت دەبێت بەڵام ژنە مەکر باز وزۆر زانەکەی بۆ پەردەپۆشی عار وئابڕوچونەکەی ووتی بەمێردەکەی **( ما جزاء من أراد بأهلك سوءَ إلا أن يسجن أو عذاب أليم )** [ يوسف ٢٥ ] واتە: ئایا پاداشتی ئەو کەسە چیە کەبیەوێت خیانەت بکات بەخێزانت، سزاکەی دەبێت یان زیندانی کردن بێت یان سزایەکی زۆر سەختی بدەیت .

دواتر کەبەهۆی شایەت حاڵێکی ناو کۆشکەوە کەبەووردەکاریەکی زۆر جوان شاهیدیەکەی دا خیانەت وخراپەکاری ژنەکەدەرکەوت وعەزیزی میصریش بۆ ئەوەی یوسف دوور بخاتەوە لەچاوی ژنەکەی نەبادا شتی وا دووبارەببێتەوە، چونکەدەیزانی کەیوسف گەنجێکی داوێن پاکەو کاری وای لێناوەشێتەوە، ناچار بوو یوسف ڕەوانەی زیندان بکات، چونکە ئەوە باشترین ڕێگا بوو بۆ دورخستنەوەی لەچاوی ژنەکەی .

بەڵێ خۆشەویستان گەنجێکی هەڵکەوتویی وەك یوسف ئامادەیە بچێتە نێو تاریکی زیندانەوە بەڵام هەرگیز ئامادە نیە قبوڵی خیانەت وخراپەکاری بێت .

**دووەم : ( عفة الجسد ) پاك ڕاگرتنی لاشە :** بەو واتایەی کەموسڵمان عەورەتی بپارێزێت لەچاوی خەڵکی ئەویش بۆ پیاوان لەنێوەندی ناوکەوەتاوەکو ئەژنۆ ، وەبۆ ئافرەتان تەواوی لاشەیان ، بەشێوەیەك کەپاڵا پۆشێکی تەواو بێت چونکەباڵاپۆشی نیشانەیەکی بەرزی ڕەوشت وبەهایەکی جوانەکەئافرەت دەپارێزێت لەچاوی کەسانی ناموحرەمی، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : **{وليضربن بخمرهن على جيوبهن}** [النور: ٣١] واتە: ( پێیان بڵێ ئەی موحەمەد ) با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەوملیاندا ، لەجێگایەکی تردا دەفەرموێت : **{يا أيها النبي قل لأزواجك وبناتك ونساء المؤمنين يدنين عليهن من جلابيبهن ذلك أدنى أن يعرفن فلا يؤذين وكان الله غفورًا رحيمًا}** [الأحزاب: ٥٩]. واتە : ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بەهاوسەرانت وکچەکانت وئافرەتنای ئیماندار بڵێ : کەبەپۆشاکی باڵاپۆش خۆیان داپۆشن، ئەوەلەبارترین شتەمەپێی بناسرێن، تا ئازار نەدرێن و( تووشی گیروگرفت نەبن ) هەمیشەوبەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە.

خوای گەورەش حەرامی کردوە لەسەر موسڵمانان کەسەیری ئافرەتی بێگانە ( ناموحرەم) بکەن، وەفەرمانی کردوە بەئیماندارانیش چ پیاو بن یان ژن کەچاوی خۆیان دابخەن لەئاست ناموحرەمی خۆیاندا وەك دەفەرموێت : **{قل للمؤمنين يغضوا من أبصارهم ويحفظوا فروجهم}** [النور: ٣٠]. واتە: ئەی موحەمەد بڵێ بەپیاوانی باوەڕدار کەچاویان دا بپارێزن لەسەیری کردنی ئافرەتانی ناموحرەم ، هەروەها ناموس و عەورەتی خۆیان لەحەرام بپارێزن، وەدەرهەق بەئافرەتانیش فەرمویەتی : {وقل للمؤمنات يغضضن أبصارهن ويحفظن فروجهن} [النور: ٣١]. واتە: وەبڵێ بەئافرەتانی باوەڕدارێش چاویان بپارێزن لەتەماشای ناموحرەم ، هەروەها داوێنی خۆیان بپارێزن لەحەرام.

هەروەها لەفەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە کە خوای گەورەدەفەرموێت : **(النظرة سهم مسموم من سهام إبليس، من تركها من مخافتي أبدلتُه إيمانًا يجد حلاوته في قلبه)**

[ رواه الطبراني والحاكم]. واتە: سەیر کردنی ناموحرەم تیرێکی ژەهراویەلەتیرەکانی شەیتان، هەرکەس لەبەر ترس ورەزامەندی من وازی لێبهێنێت، ئەوەبۆی دەگۆڕم بەباوەڕێکی وا کەدڵ وەدەرووونی چێژی شیرینی ئەو باوەڕەی بکەن .

**سێهەم : ( العفة عن اموال الناس ) پاك خۆڕاگرتن لەبەرامبەر ماڵ وسەروەت وسامانی خەڵکدا :** مرۆڤی باوەڕدار پێویستەلەسەری بەهیچ شێوەیەك چاو نەبڕێتەسامان ومالّس خەڵکی، وبەبەشی خودا ڕازی بێت، تاوەکو نەبێتەهۆی ڕژدی وحەسوودی لەدەرونیدا، لەفەرموودەیەکیشدا هاتووە، کەمرۆڤی موسڵمان هەمیشەلەسامان ودارای دونیادا با سەیری خۆی لەخوارتر بکات وسەیری لەخۆی بەرەو ژوور نەکات چونکەئەگەر وابکات ئەوەلەدونیادا اسراحەت دەکات .

دەگێڕنەوە کەشەوێك لەشەوان یەکێك لەوەزیرەکانی عومەری کوڕی عەبدول عەزیز ڕۆشت بۆلای عومەر تاوەکو باسی هەندێك لەکاروباری خیلافەتی بۆ بکات و هەندێك کێشەو تەنگ و چەڵەمەچارەسەر بکەن ، جا کەکاتێك لێبونەوە لەچارەسەرکردنی کارو باری خیلافەت، وەزیرەکەی عومەر هاتەسەر باسی هەندێك لەکاروباری تایبەتی نێوان خۆی و عومەر، لەو کاتەدا عومەری کوڕی عەبدول عەزیز هەستاو چراکەی کوژاندەوەوچرایەکی تری داگیرساند، وەزیرەکەش سەری سوڕما ووتی بەعومەر ئەی ئەمیری موسڵمانان بۆ ئەو چرایەت کوژاندەوەخۆ هیچ عەبی نەبوو ؟ ئەویش لەوەڵامیدا ووتی ، ئەو چرایەی یەکەم جار بەزەیتی ( بيت المال المسلمين ) کاری دەکرد ئەوەشی ئێمەخەریکی باس وخواسی بووین کاروباری موسڵمانان بوو، جا کەهاتینەسەر باس کردنی کاروباری شەخصی خۆمان هەستام ئەو چرایەم داگیرسان کەموڵکی شەخصی خۆم بوو، چونکەترسام لەڕۆژی دوایدا خوای گەورەلەسەر ئەو کارەموحاسەبەی من وتۆیش بکات .

سەرنج بدەن کاربەدەست وفەرمان ڕەوا تا ئەو ئەندازەیەدەبێت خۆی بپارێزێت لەهەق ومافی خەڵکی، نەوەك خودا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات و سزای بدات لە ڕۆژی دوایدا .

**چوارەم: ( عفەالماكل والمشرب ) خۆ پاکڕاگرتن لەخواردن وخواردنەوەدا:** مرۆڤی باوەڕدار خۆی پاکڕادەگرێت وخۆی دەگرێتەوەلەخواردن و خواردنەوەی حەرام، هەرگیز هەوڵ نادات کەتەنها پاروویەکی حەامیش بچێتەناو دەم وگەدەیەوە، چونکەئەو لاشەوجەستەی کەبەخواردن و پارووی حەرام گەشەو نەش ونما بکات تەنها ئاگری دۆزەخ چارەسەریەتی، خوای گەورەش هەمیشەفەرمان دەکات بەباوەڕداران کەپارێز بکەن لەخواردن وخواردنەوەی حەرام و لەو ڕزق وڕۆزیەحەڵاڵانەبخۆن کەپەروەردگار دیاری کردوە، وەك فەرموویەتی : **يا أيها الذين آمنوا كلوا من طيبات ما رزقناكم واشكروا لله إن كنتم إياه تعبدون}** [البقرة: ١٧٢]. ئەی ئەو

کەسانەی کەباوەڕتان هێنواەلەو شتەپاك وخاوێنانەبخۆن کەئێمەڕۆزیمان پێداون، وپاشانیش شوکری خوای لەسەر بکەن ئەگەر ئێوەبەتەنها هەر ئەو دەپەرستن .

پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوەدەفەرموێت : **(ما أكل أحد طعامًا قط خيرًا من أن يأكل من عمل يده، وإن نبي الله داود كان يأكل من عمل يده)** [ رواه البخاري]. واتە: کەس هیچ خواردنێکی نەخواردووەکەباشتر و حەڵاڵاتر بێت لەو خواردنەی کەبەکاری دەست و ( عەرەقەی نێوچاوانی خۆت ) پەیدا بکرێت، وەپێغەمبەر داود ( عليه السلام ) هەمیشەلەڕەنج و ماندوو بونی دەستی خۆی دەخوارد .

**پێنجەم : ( عفەاللسان ) زمان پاکی :** بەو مانایەمرۆی باوەڕدار زمان پاك بێت و جنێو نەفرۆشێت بەخەڵکی وتۆمەت و بوهتانیان بۆ هەڵنەبەستێت، بەڵکو هەمیشە هەوڵدەدات کەووتەی جوان وشیرین لەسەر زاری بێت، چونکەزار وزمان شیرینی هاوڕێ لەگەڵ ئامۆژگاری جواندا هۆکارێکەبۆ ێوونەبەهەشتەوە، ئەوەتانێ خوای گەورەدەفەرموێت : **{ إليه يصعد الكلم الطيب والعمل الصالح يرفعه}** [فاطر: ١٠]. واتە: ووتی جوان وشیرین وکردوەی چاکەبۆلای پەروەردگار بەرز دەبنەوە. ( بەو مانایەلای خوای گەورەجێگای قبوڵە) .

پەروەردگار فەرمان دەکات بەباوەڕداران کەهەمیشەووتی جوان بڵێن ودوورەپەرێز بن لەووتی ناشیرین وخراپ : **{ وقولوا للناس حسنًا }** [البقرة: ٨٣]. واتە: ووتەی چاك وجوان بڵێن هەمیشەلەگەڵ خەڵکیدا ، پێغەمبەریش (صِلي الله عليه وسلم ) فەرمویەتی : **(ليس المؤمن بالطَّعَّان ولا اللَّعَّان ولا الفاحش ولا البذيء)** [ رواه الترمذي]. واتە: باوەڕدار هەرگیز تانەوتەشەر و نەفرەتچی وخراپەکار و دەم پیس نیە، وەبۆ ئەوەی کەمرۆڤ خۆی هەڵنەقورتێنێتەکار وباری خەڵکیەوەتاوەکو دەست وزمانی پارێزراو بێت ئامۆژگاری هەمووان دەکات ودەفەرموێت : **(من حسن إسلام المرء تركه ما لا يُعنيه)** [ رواه الترمذي وابن ماجە]. واتە: لەجوانی وخوو ڕەوشت بەرزی ئیسلامەتی هەرکەسێکە، هەرچ شتێك کەپەیوەندی پێوەنەبوو وازی لێبهێنێت وخۆس تێ هەڵنەقورتێنێت، وەبۆ ئەوەش پارێزراو بیت لەهەڵەوپەڵەی زمانت تەنها چارەسەر ئەوەیەئاگاداری زمانت بیت وئەو ئامۆژگارەیەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )لەگوێ بگریت کەدەفەرموێت : **(من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلْيَقُلْ خيرًا أو لِيَصْمُتْ)** [متفق عليه]. واتە: هەرکەس باوەڕی بەخوا وبەڕۆژی دوایی هەیەبا چاك بڵێت یان بێ دەنگ بێت ( چونکەئەگەر قسەی چاککردن زێڕ بێت ئەوەبزانەبێدەنگی هەندێك جار گەوهەرە ) .

**شەشەم : ( التعفف عن سؤال الناس ) خۆ پاك ڕاگرتن لەداواكردن وسواڵ كردنی خەڵكی،** سیفەتی باوەڕدار ئەوەیەبەبێ پێویستی هیچ كاتێك داوا ناكات لەخەڵكی ودەستیان لێ پان ناكاتەوە، وەهەوڵ دەدات كە هەمیشەبەكاری دەست و هەوڵ وكۆششی خۆی بژێت، خوای گەورەش لەمەدحی كۆمەڵێك لەباوەڕداراندا كەدەروونیان زۆر بەرز بووەلەگەڵ ئەوەشدا كەنەیان بووەدەستیان لەخەڵكی پان نەكردوەتەوە، بەڵكو شەرمیان كردوەلەو كارە، **{يحسبهم الجاهل أغنياء من التعفف تعرفهم بسيماهم لا يسألون الناس إلحافًا}** [البقرة: ٢٧٣]. واتە: ئەوەی نایانناسێت ( ئەو هەژارانەئەوەندەكەسایەتی خۆیان ڕادەگرن ونەفس بەرزن ) وا دەزانێت كەدەوڵەمەندن، تۆ ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) یان ئەی باوەڕداران بەڕەنگ وروخسار وسیمایاندا دەیانناسیت كەداوا ناكەن لەخەڵكی بەزۆر شتی لێبسەنن وروو گیریان بكەن .

لە فەرموودەیەكیشدا پێغەمبەری ئیسلام ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : **(اليد العليا خير من اليد السفلى، وابدأ بمن تعول وخير الصدقة ما كان عن ظهر غِنًى، ومن يستعففْ يُعِفَّهُ الله، ومن يستغنِ يُغْنِه الله)** [متفق عليه]. واتە: هەمیشە دەستی بەرزو بەخشندە باشتر وچاكترەلای خوای گەروەلەدەستێكی خواری ( سواڵكەر )، وەمرۆڤ كەخێر وصەدەقەشی كرد با لەكسەنزیكەكانی خۆیەوەدەست پێ بكات، وەباشترین صەدەقەیەكیش كەبیكەیت ئەو صەدەقەیەكەمرۆڤ لەكیسەی پڕ ودەوڵەمەندی بیكات( نەوەك كەسێك بۆخۆی نەدار بێت ومنداڵەكانی پویستیان پێی هەبێت ) جا هەركەسیش خۆی پاك ڕاگرێت لەدەست پان كردنەوەلەخەڵكی ئەوەخوای گەورەش پاك ڕایدەگرێت، وەهەركەس خۆی بەدەوڵەمەند بزانێت لەداواكردن لەخەڵكی خوای گەورەش ئەو كەسەدەوڵەمەند دەكات .

بۆیەهەمیشەدوعا وپاڕانەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەوەبووەكەدەیفەرموو : **(اللهم إني أسألك الْهُدَى والتُّقَى والعفاف والغنى) [ رواه مسلم].** واتە: ئەی خوای گەورەداوای هیدایەت وخۆپارێزی ویاك داوێنی ودەوڵەمەندی لەتۆ دەكەم .

ئێمەش لەكۆتایدا دەپاڕێینەوەودەڵێین ئەی خوای گەورەدەست و دڵ وداوێن پاكمان بكەولەگەڵ ئەو جۆرەكەسانەشدا حەشرمان بكەلەڕۆژی دوایدا .

سڵاوی خوای گەورەش لەسەر گیانی پێغەمبەری خوا ویار وهاوەڵان وشوێن كەوتوانی هەتا هەتایە.